Dengekan



# گوڵه هاوڕێ

ئاری ڕەفیق

2007 / 8 / 3

گوڵه هاوڕێ

چۆن ئیرەیی بەخۆم نابەم ؟!

کەتۆ بۆ من

بارانێک بووی

ڕژایته ناو

پێدەشتی وشکی

ڕۆحمەوە ،

کێ وەکو تۆ .. بۆ تاریکیم

وەک خەرمانەی مانگەشەوێ

باڵی خستۆته

قۆڵمەوە ؟

له تێکشکانما

بویته پشت و

پەناگه و

هێز ،

چۆن ئیرەیی بەخۆم نابەم ؟!

کەتۆ بۆ من کانییەکی

لێوانلێوی

له میهرەبانی و

**سۆز و**

**ڕێز .**